# خواردنی خەمێکی ئەنسرۆپۆلۆجییانە لە ئەنفال

خەتاب سابیر

مارسی ٢٠٠٧

دەسەڵاتی سیاسیی کورد ئەوەندەی قسەی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە کردووە، مرۆڤ هێڵنج دەدات ، کاتێ ئەو هەموو بەڵێنە زۆرەی دەسەڵاتداران لەمەڕ دۆزی ئەنفال و هەڵەبجە دەبیستێ کە یەک چارەکە مەترێک برناکات لەزاری بەرپرسان و دەسەڵاتداری سەرتاپا گەندەڵی کوردستانەوە. قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە لەوپەڕی بێدەرەتانییدان و کوڕان و خزمان و دۆستانی بەرپرسەکانی کوردستانیش لەوپەڕی ئۆخژنی ژیانێکی بێکەموکورییدان.

تاکی کورد کاتێ هەست بە هەژاریی سیاسیی و رۆشنبیریی خۆی دەکات لەئاست ئەنفالدا، ئەگەر بەکردەوە بیەوێ کارێکی جودا لەکاری دەسەڵاتداران بکات. ئەگەر خوێندکارێک، رۆشنبیرێک بیەوێ وتارێک، راپۆرتێک، توێژینەوەیەک، نامیلکەیەک، یان کتێبێک لەسەر دۆزی ئەنفال و رەهەندە هەمەچەشنەکانی ئەو جینۆسایدە بنووسێت بەڵام بەشێوازی ئاکادیمیی ( نەک سیاسیی)، ئەوا وەک ئەوەیە لووتی لەبەردی ئەلحەد بکەوێ بۆ گەڕان بۆ سەرچاوە و نووسراوی ئاکادیمیی و زانستیی، بەڕاست کورد، لە کۆکردنەوەی زانیاریی و رۆشنبیریی و بەدۆکیومێنتکردنی سەردەمییانە و زانستی سیاسیی و ...تاد لەسەر دۆزی ئەنفال، زۆر هەژار نییە!

ئایا لەئاستی نێودەوڵەتییدا چیی کراوە بۆ ئەنفال؟ ئایا پرسی ئەنفال پاش نۆزدە دانە ساڵی رەبەق لە کوێی هاوکێشە سیاسییەکان و باسی کۆڕو کۆمەڵە ئاکادیمیی و زانستییەکانی دنیادا ئۆقرەی گرتووە. چەند دەیان پانێل و سیمینارو ژۆرناڵ و کتێبی دانسقەو ئاکادیمی لەسەر ئەنفال گیراوەو ونووسراوە؟ ناسینی ئەنفال نە بەفروفیشاڵی سەرکردە قارەمانەکانی شاخ دەبێت کە بەشێکی باشیشیان پیاوی بەعس دەرچوون ، نە بەنەرەنەرەی دەزگای راگەیاندنی حیزبەکانیش دەبێت. ناسینی ئەنفال وەک پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ بەجینۆسایدناساندنی لەئاستی جیهانییدا بەپێی پێوانە نێودەوڵەتیی و یاسا نێودەوڵەتییەکان، پێویستی بەکارو ماندووبوونی ئاکادیمیی و کولتووریی و سیاسیی هەیە، پێویستە لۆبییەکی گەورەی کوردیی بکەوێتە پشت ئەم دۆزەوە. ئایا شەرم نییە بۆ پەنجا میلیۆن کورد تەنها رێکخراوێکی بچووک و گیرفان بەتاڵی وەک "چاک " شان بداتە بەر ئەم ئەرکە سەختە. لەکاتێکدا سەرکردەو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی گرووپی سیاسیی کورد خاوەنی چەندین بیلیۆن دۆلار بن.

راستە دەیان کەسی پسپۆر و رۆشنبیر و نووسەر و کەسی دڵسۆز، چ لەکوردستان و چ لە پەرپیوەی ( دایاسپۆرا) وڵاتاندا کار لەسەر ئەمە دەکەن و پرۆژەی تایبەتیان بەدەستەوەیەو هەندێکیشیان تەواویشیان کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئێشە، ئەوەیە کە هەموو ئەم کەس و تەنانەت ئەگەر وەک لایەن و گرووپیش سەیری هەندێکیان بکەیت، هەر بەتاک ئیش دەکەن، یان بەس بۆخۆیان دەیکەن . کاری تاکە کەسیی و یەکباڵیی سەرەڕای ئەوەی نەخۆشییەکی کوشندەی خۆبەزلزانین و لووتبەرزییەکی پڕ لەوڕێنەو خوێندنەوەیەکی ئەفسووناوی و ئایدیالییە بۆ بوونی تاکی کورد و رۆشنبیری کوردو نێوەندی رۆشنبیریی کورد لەناوەوەی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بەڵام خۆشییمان بوێ و ترشییمان بوێ ئەمە دۆخی راستەقینەی کۆمیونیتیی کوردییە. ئەم بابەتی ئیندیڤجواڵیزمە بابەتی ئەم نووسینە نییە. بەڵام ئەوەی کە ئەم نووسینە بەدوایەوەیە، ئەوەیە ئایا بۆ کاری هەرەوەزیی و ئەوەی لە زمانی سیاسییدا پێی دەڵێن لۆبیی بۆ ئاوڕدانەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال چیبکرێت؟

لەو دەیان رێکخراو و سەدان کەمپەینەی لەرابردوودا سەریان هەڵداوە (جگە لەچاک) زۆربەیان خامۆش بوونەتەوە. هۆیەکەشی زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرتاکێ بگری لە کۆمیونیتی کوردیی لەهەندەران و لەناوەوەی کوردستانیش، خۆی زۆر پێ شتەو زۆر لەخۆی رادەبینێ و هەرگیز ئامادە نییە خۆی بخاتە ژێر بەڕێوەبردنی کەسێکی ترەوە، هەرگیز حەزی لەکاری بەکۆمەڵ نییەو بەتەنهاش هەر رمبەی دێت و کێو دەڕووخێنێ لە هەستی خۆیدا و بەکردەوەش سەری پەتێ چییە بۆی ناگیرێ. ئەمە نەخۆشییەکی زۆر باوە لەناو

کورداو پێویستی به توێژینەوەی زۆر وردو زانستیی هەیەو پێوەندی بەم بابەتەوە نییە. تەنها بۆ بەلۆبییکردنی کار لەسەر ئەنفال وەک بیرخستنەوەیەک گرنگیی هەیە.

وێڕای ئەوەی ڕێکخراوی چاک کەسانی پسپۆر و شارەزای لە بوارە جیاوازەکاندا بەدەگمەن تێدایەو زۆرتر کەسانی خوێنگەرم و داخ لەدڵن لە ساردوسڕیی دەسەڵاتی سیاسیی لەهەمبەر ئەنفالدا. ئەڵبەتە ( ئەڵبیەت – Albeit ) بەم هەلومەرجەشەوە شانیان داوەتە بەر ئەرکێکی قورس و ماندوونەبوونییەکی زۆریان نیشانداوەو شایانی ئەوەن کە جێگەی ڕێزوپێزانین بن و لەهەموو لایەکیشەوە دەستی یارمەتیان بۆ درێژبکرێ.

دەسەڵاتی کوردیی دەیان نووسەر و قەڵەمبەدەست و توێژەر و ئاکادیمیی ڕێکپۆشی ڕاگرتووەو بەقوڕگیاندا دەکات. کە جگە لەنانخۆری جێگر، هیچ سوودێکی تریان نییە. کاریان تەنها شەڕەجوێن و شکاندنی خەڵکانی ویست ئازاد و دژ بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی سیاسیی و گەندەڵییە. ئەوەندەی دەسەڵاتی کوردیی دەیکات بەدەم ئەم جۆرە ژن و پیاوە قەڵەمبەدەستانەدا کە دەیانەوێ یەکسانیی ژنان و ئازادیی لەپەنای عەرشی گەندەڵیی و پیاوسالارییدا، لەپەنای سەری کۆنەپارێزترین دەسەڵاتدارانەوە دەستەربەربکەن! ئەگەر یەک لەسەر دەی ئەوانە لە چەند دامودەزگایەکی فیکریی و ئاکادیمیی و ستراتیژیی سەربەخۆدا خەرجبکردایە بۆ توێژینەوە لەسەر ئەنفال، ئێستا ئەنفال لە شوێنێکی تر دەبوو.

ئەگەر حەشوەی زۆر لە ژمارە نەبەستین و بە ویژدانێکی زیندووەوە ئەو مافە بدەین بەخۆمان دوای نۆزدە ساڵ لە کارەساتی ئەنفال، دەبووایە لەلایەن هەزاران خوێندکاری کورد و خوێندکاری نەتەوە جیاوازەکانی سەر ئەم هەسارەیە، سەدان پرۆژەی نووسین لەسەر ئەنفال بکرایەو لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ئەنجام بدرایە. زۆر بەئەفسووسەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەقەبارەی ناسۆریی هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چەندێک خەم لە قوربانییەکان خوراوە، ئەوەندەش خەمی ئاکادیمیی و زانستیی لە مێژوو و تراژیدیای ئەنفال خوراوە.

یەکێکی تر لەگرفتی ئەوەی کە ناومان ناوە ئیلیتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی و چیی و چیی کورد، ئەوەیە کە تەنها لە ڕووی سیاسییەوە بیر لە ئەنفال دەکرێتەوە و دەمانەوێ لەڕووی سیاسییشەوە کارێکی بۆ بکرێ. لەکاتێکدا ئەنفال و پەرچەکرداری ئەنفال لە پرۆسەیەکی سیاسییەوە بووەتە چەندین پرۆسەی تێکشکاندنی باری کولتووریی و سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجی ( Anthropology ) و ئیسنۆگرافی ( Ethnography ) و .....هتد، لەلای کورد بەگشتیی و پاشماوەکانی ئەنفال بەتایبەتیی. لێرەوەیە گرنگییدان بە ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەنفال نرخی زانستیی و ئاکادیمیی زۆری هەیەو ناکرێ ئەنفال هەر لە ئەتمۆسفیری سیاسییدا قەتیس بکرێ و بجەڕێنرێت.

لەمەودا ناکرێ بۆ ئەنفال هەر لەجوغزی سیاسییەوە تەلارسازیی و پرۆژەسازیی ئەنجام بدرێ. جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان و ناسین و ددانپێنانی ئەو جینۆسایدە لەلای گەورە هێزێکی وەک فەڕەنسا و دەنگدانەوەی لە نێوەندە سیاسیی و فیکرییەکانی ئەمێریکادا، بەرئەنجامی تەنها کاری سیاسیی نییە، بەڵکوو بەرئەنجامی کاری هەرەوەزیی و لۆبییانەیە لەرێگەی دەیان نووسەر و ئاکادیمست و ڕۆشنبیرەوەو گەیاندنی بە دەیان نێوەندی خاوەن قورسایی لەئاستی جیهاندا.

هۆلۆکۆستی جوولەکەکانیش بەهەمان شێوە ، سەرەڕای ئەوەی نێوەندە سیاسییە گرنگ و بەهێزەکانی لەپشتە، بەڵام لەئەنجامی شەونخوونی و ماندووبوونی لۆبیی جوولەکەکانەوە ئەم پاڵپشتییە بەرهەم هێنراوە. لەرابردوودا جوولەکەکانی دنیا ئامادەبوون هەموو شتێ دابنێن بۆ گەیاندنی هۆلۆکۆست بەم جێگەیەی، هیچ نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە بەئەندازەی ئیسرائیلییەکان ، وردتریش بڵێین بەئەندازەی جوولەکە ئاکادیمست و توێژەر و ژۆرناڵیست و نێوەندی گرنگ گرنگی نییە لەبواری لێکۆڵینەوە لە جینۆسایددا، لەبواری پاکتاوی ڕەگەزیی و ....تاد.

تەنانەت ئەو لۆبییە گەورەیەی کە ئێستا قورساییان بەسەر ئابووریی جیهانیی و ئابووریی رۆژئاواوە زۆردیارە، بەرئەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان ساڵەی هەرەوەزیی و هاوکاریی لۆبییە ئاکادیمیی و زانستیی وتەکنۆکراتیی و تاکوتەرا ئیڵیتەکانی جوولەکەیە لە سەرتاسەری دنیادا. لەناو کورددا بە هۆی کاریگەریی ئایینی ئیسلام و شۆڤێنیزمی عەرەبەوە، جوولەکە بە کەسانی ترسنۆک ناسراون، بەڵام ترسنۆکیی کاتاگۆریی خۆی هەیەو لێکدانەوەی جیاواز جیاوازیی هەیە. جوولەکە لەبواری پێچەقاندن و وازنەهێنان و ماف بەدەستهێناندا ، تاکە گەلن ، تاکە نەتەوەن کە دەستبەرداری مافە خوراوەکانیان نابن و سوورن لەسەر ئەوەی کە بەکۆتایی بگەیەنن و ئامادەشن هەموو قوربانییەکی لە پێناودا بدەن. دەکرێ بگوترێ ئازاترین خەڵکێکن لە خەبات و کۆڵنەدان بۆ بەدەستهێنانی ئەجێنداکانی خۆیان.

رۆشنبیری کورد، خوێندەواری کورد، هیچی کاری کەسی تری پێ جوان نییە، پێ باش نییەو بەبێ ئەوەی خۆی چ وەک تاک و چ وەک نێوەندێ یان ئۆرگانێ کاری باشتر و جوانتری پێبکرێت، هەر خەریکی بنکۆڵکردنی بەرامبەر و نەیارو رەقیبەکانییەتی. لەسەر جوێنێک،کۆمێنتێ، قسەیەکی بازاڕیی دەیان پۆل لە رۆشنبیری هەلابەهەلای کورد خەریکی ملشکاندنی یەکترن و بەیەکادێن و دەچن و داگای دەسەڵاتداران لەیەکتری دەگرن و تۆمەت بۆ کەسی تر و لایەنی تر دەهۆننەوە بۆ گەرمکردنی شەڕە دەروونی و گرفتە سایکۆلۆژیەکانی خۆیان. ئاخۆ داماوترین و بەشخوراوترین گەلی سەر ئەم ئەستێرەیە کە گەلی کوردە لە چارەی نووسراوە ئەمانە ، ئاکادیمست و نووسەرو رۆشنبیرەکانی بن؟.

لەکاتێکدا دەسەڵاتی سیاسیی کورد شەڕ لەسەر بودجەی هێزی میلیشیای پێشمەرگە دەکات و یەک بیلیۆن دۆلاری بۆ دەستبەر دەکات. لەکاتێکدا پێشمەرگە جگە لەناوێکی پیرۆز و شۆڕشگێر بە پێی کولتووری باوی کوردەواریی لەرابردوودا، ئەگینا لەدوای ئەنفال و راپەڕینەوە ئەم هێزە تەنها بۆ سەرکوتی خەڵک و فرۆاندنی نەیارانی دەسەڵات و چاوسوورکردنەوەو کوشتنی هەزاران لاوی کورد لەشەڕی ناوخۆدا و پاراستنی کۆشک و دەسەڵاتی پارەدارە سیاسییەکان و لەخوێنداگەوزانی خۆپیشاندانەکانی کوردستان بۆچیتر بەکارهاتووە؟

لەراپەڕین بەدواوە تا ئێستا چالاکیی میلیشیای پێشمەرگە تەنها نەبەردەکانی شەڕی ناوخۆو هێنانی سوپای پاسداران و میتی تورکیا و دەبابەکانی بەعس بووە بۆسەر کەرامەتی نەتەوەیی کورد!. ئەوە جگە لەوەی لە شانزە ساڵی رابردوودا سەدان میلیۆن دۆلار لەشەڕی نێوخۆی کوردستاندا خەرجکراوەو چەندین بیلیۆن دۆلاری تر بەئاوی گەندەڵییدا دراوە. کەچیی خەمێکی چەند سەد هەزار دۆلارییش لە ئەنفال ( وەک پرۆژەی ئاکادیمیی و زانستیی و ستراتیژیی ) نەخوراوە . ئاخر بەڕاست سەدان هەزار دۆلار بۆ دەسەڵاتی کوردیی لەسەر پارە راکشاو هیچ دەکات؟. ئاخۆ سەدان هەزار دۆلاری دەسەڵاتی گەندەڵی کوردیی وەک چەند هەزار دینارێکی پارەی ئێستای عێراق نییە بەدەستی هەژارترین کەسی کوردستانەوە.

خاڵی سەرەکیی ئەم نووسینە بەشوێن ئەوەوەیە، ناکرێ لەمەودا، وەک تا ئێستا ئەنفالمان بەدوای خۆماندا راکێشاوە، بەدیدێکی سیاسیی رووت و قووتەوە بیر لەئەنفال و پرۆسەی وێرانکردنی کۆمەڵگەی کوردیی و رەنگدانەوە هەمەجۆرەکانی بکەینەوە. دەبێت لەرووی سوسیۆلۆژی و ئەنسرۆپۆلۆجی و ئیسنۆگرافی و ...تاد کاری لەسەر بکرێ و پرۆژەی جیاوازتر لەپرۆژەی سیاسیی لەسەر بنیات بنرێ.

بەبڕوای من ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەنفال و رۆڵی لایەنە بەشدارەکان ( کۆکتێلێک لەدەسەڵاتی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و ئیلهاموەرگرتن لە ئیسلام و قورئان )، دەکرێ بەشێوەی کاتەگۆری جیاواز جیاواز شیبکرێتەوەو لێکۆڵینەوەی وردو مەیدانیی لەسەر بکرێ لەچوارچێوەی کاری ئاکادیمییدا بخرێتە دڵی نێوەندە گرنگە سیاسیی و رۆشنبیریی و کولتوورییەکان لە جیهاندا. یەکێکیش لەو هەلە زێڕینانەی کە لەبەردەم ئەو توێژە لە تینووانی کارکردنن لەسەر ئەنفال، کۆنگرەی شانزەیەمینی رێکخراوی ( یەکێتیی نێونەتەوەیی زانستە ئەنسرۆپۆلۆجی و ئیسنۆلۆجییەکان)ە

" The International Union of Anthropological and Ethnological Sciences “

کە لەساڵی ٢٠٠٨ لە وڵاتی چاینە ( چین ) دەبەسترێ و تا ناوەڕاستی مانگی ٧ ی ٢٠٠٧ هەموو پرۆپۆزەڵەکان دەبێت بنێردرێن. زۆر گرنگە لەیەکێک لە پانێلەکان و سیمینارەکاندا لەسەر ئەنسرۆپۆلۆجیای ئەنفال و ئیسنۆگرافیای ئەو هەلومەرج و رووداو و کولتووری بیرکردنەوانەی کە ئەنفالیان بەرهەم هێنا بەرهەمێکی نایاب پێشکەش بکرێ.

دەسەڵاتی سیاسیی کورد، ئەوەندەی پارە لە کۆنە موستەشارەکان و دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکان و قەڵەمفرۆشەکاندا خەرج دەکات، با یەک لەسەدی ئەوانە لە ئەنفالدا خەرجبکات، لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ پرۆژەیەکی سیاسیی و فیکریی و زانستیی بە بێ پارە بەڕێوە ناچێت. با دەسەڵاتی سیاسیی و ئەو هەموو سەرمایەدارەی لەسەر کولتووری گەندەڵیی و هەلومەرجی سیاسیی کوردستان بوونەتە بیلیۆنێر و میلیۆنێر، با لە ڕێگەی زانکۆکانی کوردستان( ئەو زانکۆیانەی بەداخەوە بەس بڕوانامە دەبەخشنەوە ) و کەسانی پسپۆر لە ئەنفالدا ( نەک لەسیاسییە گەندەڵەکان ) و خەمخۆرانی ئەنفالەوە هەندێ پارە لەم پرۆژە ستراتیژییەو هاچەشنی ئەمانەدا خەرجبکەن و هەندێ کەسی بەتواناو شیاو و پسۆر لە تاوانی ئەنفالدا بنێردرێن بۆ ئەم کۆنفراسە دانسقەیە و ئەنفال لە دیدێکی ئەنسرۆپۆلۆجیانەو ئیسنۆگرافیانەوە بە هەموو ئەوانەی لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیای تاوانەکان و جینۆسایدەکان وپاکتاوە نەژادییەکان و کولتوورە جیاواز و دابەشبووەکاندا کاردەکەن لەسەرتاسەری جیهاندا بگەیەنێت.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە، ڕۆشنبیری کورد چیتر نابێ لەوە بترسێ پێوەندییگرتن لە گەڵ جوولەکەو نێوەندە ئاکادیمییەکانیاندا بە تابوو ، بەتاوان بزانێ. ئەگەر کورد خۆی ژانی ئەنفال سارێژ نەکاتەوەو نەیکات بەمێژوویەک کە داهاتووی سیاسیی هەموو نەتەوەی کورد لەبەریدا بحەوێتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە هیچ گەل و نەتەوەیەکی تر نایات خێرەومەندییت لەگەڵدا بکات. لەم دنیایەشدا کەس بەئەندازەی جوولەکەو ئەرمەنی هاوسۆز نین لەگەڵ کێشەی کورد و ئەنفالدا. بۆیە زۆر گرنگە بوێرانە ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی ئەنفال بە جوامێرانەو بێترس لە کولتووری عەرەب و ئیسلام ، پێوەندیی لەگەڵ پسپۆران و نێوەندە ئاکادیمییەکانی جوولەکەو ئەرمەنییدا بگرن و گەشەی پێبدەن و سوود لە خەرمانی کارەکانیان وەربگیرێت.

---

سەرنج:-

سایتی ICAES ئەمەیە....

www.icaes2008.org/enindex.htm